

# رانیا کوردی

## شانازیی بەناوەکەمەوە ئەکەم

بێژەری پێشووتری سوپەر ستاری عەرەبیو هونەرمەندی گۆرانیبێژو ئەکتەر (رانیا کوردی) پەیوەندیەکی زۆر بەهێز ئەبینێت لەنێوان خۆیو باوباپیرانیدا کە خەڵکی کوردستان بوونو ئارەزوو ئەکات رۆژێك سەردانی کوردستان بکات.

(رانیا کوردی) سەعات ١٠ای بەیانی گەیشتە هۆتێلی (ئەلقەسر) لەعەممان، ئەو شوێنە بوو ئێمە لەوێ چاوەڕوانمان ئەکردو ژوانمان هەبوو لەگەڵیدا.

بلوزێکی سوورو تەنورەیەکی مۆری لەبەردا بوو، هاتبوو ئێمە لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ ماڵەکەی خۆی.

**دەریا ئیبراهیم/ عەممان**

(رانیا) قژە قاوەییە کاڵەکەی کورت بڕیبوو، ماکیاجێکی زۆر کەمیشی کردبوو. کچێکی باڵابەرزی باریکەلەی جوانەو لەهەمان کاتدا کەسێکی سادەیە. هەموو نیشانەکانی ئەکتەرێکی بەتوانای تیایە، تەنیا ئەوە نەبێت کە خۆی وەك گۆرانیبێژو بێژەر ناساندووە لەو جیهانەدا کە خەڵك تیایدا بەعەرەبی ئەدوێن. لەکاتێکدا کەبە «ئەستێرەیەکی ئوردونی» ناسراوە، بەڵام لەڕاستیدا هەر وەکو ناوەکەی ئاماژەیە بۆی، کوردەو خەڵکی کوردستانە.

لەماوەی خواردنەوەی چایەکدا، (رانیا) باسی لەو گەشتە کرد کەتیایدا بۆتە ئەستێرەیەکی هونەرو ئەو ویستە قوڵەی خۆی روونکردەوە بۆ ئەو پەیوەندیەی کەئەم گرێ ئەدات بەکوردستانەوە. (رانیا)ی لەدایکبووی ئوردون، لەماوەی پێنج ساڵدا خوێندنی مۆسیقاو دەنگی لەکۆلیژێکی هونەریو خوێندنگەیەکی درامای لەبریتانیا تەواو کردووە.

لە ١٠ ساڵی رابردوودا، (رانیا) سەرکەوتنی زۆر گەورەی بەدەست هێناوە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە کارەکانی هەمەلایەنە بوون و پێشکەشکاری بەرنامەی سوپەرستارو بڵاوکردنەوەی ئەلبومی گۆرانیو ئەکتەر بووە لەیەك کاتدا.

سەرەڕای رەنگدانەوەی خۆرئاوایی بوون لەکارەکانیدا، بەڵام (رانیا) شانازی بەکوردایەتی خۆیەوە ئەکات. هەر بۆیە بڕیاریدا دوای شوو کردنیشی، ئەو ناوەی پێی ناسراوە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

هەروەکو خۆی ئەڵێت، درەنگانێك پێی زانیبوو کە (رانیا) ناوی شارۆچکەیەکە لەکوردستانی عێراقو (کوردی)ش بەشێوەیەکی زۆر سادە مانای کورد بوونی ئەگەیەنێت.

(رانیا) وتی: ناوەکەم شتێکە من شانازی پێوە ئەکەم. رەسەنایەتیم دەرئەخات وەکو کوردێك، هەرچەندە من لەکوردستان ناژیم. سەرەڕای ئەوەش کەشووم کردووە، بەڵام حەزم کرد ناوەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، تاکو لەسەر ئاستی گشتیی بەدوامەوە بێتو وەك کوردێك بناسرێم لەهەموو جیهاندا،

چاونەترسیو بوێری (رانیا) ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو چاونەترسیو بوێریەی لەژنانی کورددا هەیە، کە هەمیشە لەگەڵ پیاواندا یەکسان بوون. هێزی (رانیا) وەکو ژنێك، هەروەکو خۆی بڕوای وایە، لەباوکیەوە بۆی ماوەتەوەو لەگۆرانییەکانیدا رەنگ دەداتەوە کە هەمیشە ژنان هان دەدات بۆ ئەوەی بڕوایان بەبوونی خۆیان هەبێت.

رانیا ئەڵێت: شتێك لەمندا هەیە کەهەمیشە ئەمەوێت ئازاد بمو خاوەنی بڕیاری خۆم بم. من هەمیشە ئەوە رەت ئەکەمەوە ژن وەکو کاراکتەرێکی لاواز



رانیا لەگەڵ کوڕو کچەکەی

فۆتۆ/ ڕێبین محەمەد

پیشان بدەم، پێم وایە زۆربەی گۆرانیە عەرەبییەكان ئەو كارە ئەكەن، بۆ نمونە ئەو ژنانەی لەخۆشەویستەكانیان ئەپاڕێنەوە كەبگەڕێنەوە بۆ لایان.

ئەو وتی: گۆرانییەكانی من هەمووی دەربارەی بڕوا بوونی ژنە بەخۆی، هەروەك ئەو گۆرانییەم كەناوی (بوێرە)یە و لیریكەكەی ئەڵێت:( بوێرە، مەترسە، پەشیمان نابیتەوە، بەڵێنت ئەدەمێ.) پێم وایە ئەو بوێریەم لەباوكمەوە بۆ ماوەتەوە، كەكەسێكی زۆر بەهێزو راستگۆو قسە لەڕووە. بیستوومە كەئەوە خەسڵەتێكی كوردانەیە و بۆمان ماوەتەوە،

ئوردون بەفڕۆكە نزیكەی (٢) سەعات لەهەرێمی كوردستانەوە دوورە، بەڵام (رانیا) هەرگیز نەهاتووە بۆ هەرێمی كوردستان. ئەوەش روون ئەكاتەوە كە ئەیەوێتو بەنیازە بەم زوانە سەردان بكات:

(هەمیشە خەونم بەوەوە بینیوە كوردستان ببینمو رەسەنایەتی خۆم بدۆزمەوە. جەماوەرێكی زۆرم هەیە كەنامەم بۆ ئەنوسن لەكوردستانەوە، زۆر زۆر ئارەزوو ئەكەم رۆژێك لەرۆژان گۆرانییەكانم زمانی كوردیان تیادا بێتو بتوانم بەكوردی گۆرانی بڵێم.)

(رانیا) زۆر بەداخە لەوەی ناتوانێت بەكوردی قسە بكاتو ئەڵێت: (بەداخەوە ناتوانم بەكوردی قسە بكەم وەكو باپیرم. من لەئوردون لەدایك بوومو كوردی وەكو زمانێك بۆم نەگوازراوەتەوە، بەڵام رۆژێك دێت فێری ئەبم، دڵنیام لەوەی كەئەتوانم.)

(رانیا) وێڕای ئەوەی ئەستێرەیەكی هونەریی سەركەوتووە، دایكێكی سەركەوتووشە. ئەوەش روون ئەكاتەوە كەئەم چەند ساڵەی دوایی لەبەخێو


رانیا و باوكی
فۆتۆ/ رێبین محەمەد


رانیا لەبەرنامەی سوپەرستاردا



کردنی دوو منداڵە بچووکەکەیدا بەسەر بردووە، چونکە پێویستیەکی زۆریان بەچاودێریی و خۆشەویستی ئەم هەبووە، ئاماژەش بەوە ئەدات زۆر گرانە بتوانێت لەهەمان کاتدا کاریش بکات:

(کارەکانی خۆم بەشێوەیەکی زۆر کۆمیدی نووسیوەتەوە کەبریتی بوون لەو شتانەی لەچواردەوری خۆم بینیومن لەو کاتەوەی بووم بەدایک، ئێستا ئەو کارە بۆتە زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی کـۆمـیـدی کـەخـۆم بـەشـدارم لەبەرهەمهێنانیو هەروەها ئەکتەریش ئەبم تیایدا)

(رانیا) بەنیازە بەم زوانە بگەڕێتەوە بۆ ناو جیهانی گۆرانی وتن و بەنیازی دەرکردنی ئەلبومێکی گۆرانی (هیپ هۆپ)ە بەهاوکاری لەگەڵ گروپی هیپ هۆپی (تاج).

(رانیا) بەدووری نازانێت بەم نزیکانە کۆنسێرتێك رێـك بخات لە هەرێمی کوردستان:

(بۆچوونم وایە کە رۆژێك ئەچمەوە بۆ کوردستان تا لـەوێ گۆرانی بڵێم بۆ هەموو خەڵکی کوردستانو فیلمێکی دۆکیۆمێنتاریی ساز بکەم سەبارەت بەهەموو ئەو خەڵکانەی لەکوردستان ئەیانبینم، کە هەمووی خزمو کەسی خۆمن. پێم وایە کەئەزمونێکی پڕ لەسۆز ئەبێت بۆ من، ئەوە بریتی ئەبێت لەخاڵی وەرچەرخان لەژیانمدا.)

رانیا وتی: (هەست ئەکەم کەسایەتی کورد لەژیانمدا رەنگدانەوەی هەبووە، شـێـوەم، خۆشەویستیم بـۆ رەنـگ. هەمیشە کاتێك تابلۆیەك هەڵئەبژێرم تا لەماڵەکەمدا هەڵی بواسم، تابلۆی کوردی دەرئەچێت، لەبەرئەوەی هەمیشە ئەو رەنگانە سەرنجم رائەکێشن کەلەتابلۆ کوردیەکاندا بەکار ئەهێنرێن)